# فەرهاد پیربالّ لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە بڵاوکراوەی "سۆما"دا*



**هیچ رۆشنبیرێك، هیچ توێژێکی رۆشنبیران نەیان توانیووە بۆ نموونە ناچاری حکومەت بکەن هەڵوێستێکی سیاسی وازبهێنێت‌و بێتە سەر هەڵویستی جیاواز لە خۆیی.**

***چاوپێکەوتنی: محەمەد گەلاڵەیی_هەولێر**

لەو چاوپێکەوتنەیدا فەرهاد پیربالّ تیشك دەخاتە سەر رۆڵی رۆشنبیران‌و پێیان دەڵێ: هێشتا هەر لە سەر کاغەز دیارن، هەروەها باس لە مەعنەویاتەکانی تەڵەبەو گەنج دەکات، لەبەشێکی تری چاوپێکەوتنەکە باسی خۆپیشاندان‌و فەسڵکردنی تەڵەبە دەکا، قسە لەبارەی ئیعتراف نەکردنی زانکۆی سەلاحەددین بە زانکۆی کۆیەو باس لەداهاتووی کارەکانی دەکا، لەگەڵ ئەوەی خۆی بە قۆزترین گەنجی دانیمارك زانیووە لە کۆتایی سالآنی هەشتای سەدەی رابردوودا، لەهەمان کاتیشدا رەخنە لەشاری سۆران دەگرێت‌و دەڵێت: لەوانەیە ریفۆرم قورستریش بێت لە سۆران لەبەرئەوەی پێك هاتە کۆمەلآیەتیەکەی زۆر ئالۆزە، لەگەڵ چەندین باس‌و تەوەرەی تر لەو چاوپێکەتنەی فەرهاد پیربالّ دا بۆ توێژی خوێندکاران‌و گەنجان باسی دەکات، لەسەرووی هەمووشیانەوە رەخنەی توند لە حکومەتی کوردستان‌و بارودۆخی ئەمڕۆی ئینسانی کورد تێیدا دەژێت دەگرێت.

***محەمەد گەلاڵەیی: تۆچەند سالێك بەر لە ئێستا ووتارێکت نووسی بەناونیشانی(خوێندکارانی سەرشەقام‌و رۆشنبیرانی سەر کاغەز) تۆ لەسەر ئەو رایەت هەر بەردەوامی ؟**

**–فەرهاد پیربالّ**: پرسیارێکی زۆر بەجێ یەو زۆریشم پێ خۆشە ئەو پرسیارە دەکەی، چونکە واقعیەتێکە زۆر تراژیدی، حاڵەتێکە زیانی گەیاندیتە بزاڤی پێشەوەچوونی ئینسانی کورد، بەڵێ: ئێستاش پێم وایە رۆشنبیری ئێمە بەشی هەرە زۆری لەسەر کاغەزە، رۆشنبیرانمان

ئۆتۆماتیکی به پێی قسەی پێشوو زۆرتر لەسەر کاغەزەکان دەیان بینی، بەڵام به پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە تەڵەبەن دەستی هێزیان دەوشێنن، تەڵەبەن داخوازیەکان بەرز دەکەنەوە، گەنجەکانن دەچنە بەردەم پەرلەمانو گەنجەکانن ماندەگرنو یاخی دەبنو خۆپیشاندان سازدەدەنو یەعنی لەو ووتارەی خۆمدا پاشان وەکو ووتارێك له چوارچێوەی کتێبی (زمانی حەیزەران)دا، بلاومکردەوەو بەفراوانی باسی ئەو مەسەلەیم کردووە، ئێستاش هەمان ڕام هەیە، لەبەرئەوەی واقعیەتێکە خۆیی هەمان بەردەوامبوونی خۆی ماوەو موتەئسیفانە واقیعێکە ئاوهایە، که ئەوەشم گوتووە: یەعنی که ئەوەشم شیتەڵ کردۆتەوە ئامانجێکم هەبووە، مەبەستم ئەوە بووە پێویست بووایە بیر لەوە بکرێتەوە ڕۆشنبیرانی کورد له ناو ئەو کاغەزە مردووانە بێنە دەرەوە، پێویست وایە ڕۆشنبیری کوردی له ناو ئەو کاغەزە پرژو بلاوانەی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە بێدادبینەوە، بەشێوەیەکی دینامیك به شێوەیەکی ئۆرگانیك زیندووو توندوتۆڵ ڕوبەرووی ژیان ببنەوە، ڕووبەڕووی کۆسپو تەگەرەکانی ناو کۆمەڵگا ببنەوە، تەکانێك به ژیان بدەنو لەسەر ئەو بنچینەیە ئەو ووتارەم نووسی، جیێ بەجیێ کردنی ئەو ئەرکەش کاری جۆراوجۆری دەوێ، خەباتی ڕۆشنبیرانای ڕاستەقینەیی، ڕێکخراوەیی، سەندیکایی، ڕۆژنامەنووسیانەو تەنانەت سیاسیش. من واتێدەگەم کێشەکان به کێشەی تەڵەبەو گەنجیشەوە دەبێ به سیاسیەت بکرێت، پێویست وایە کێشەی زانکۆ، تەڵەبەو گەنج بکرێتە کێشەکی سیاسیو بگەیندرێتە ئاستێکی سیاسی یەعنی پێویست وایە، کێشەی گەنجو تەڵەبه به کێشەکانی تریشەوە که پەراوێزخراون، پێویست وایە به سیاسیەت بکرێن، چونکه تا ئەمڕۆش کێشەی ڕۆشنبیریو مەعریفیەکان، کۆمەڵاتییەکانو ئەو ململانێیەی له نێوان جیلی کۆن نوێ هەیە، ئەو ململانێیەی لەنێوان سیستەمی پەروەردەی کۆنو نوێ هەیە، ئەو ململانێیەی لەنێوان پڕوگرامی کۆنو نوێ هەیە، هەموو ئەو شتانە وەکو بابەتی ڕۆژنامەنووسی تەماشا دەکرێ، هەموو ئەو کێشانەی باسمان کردن لەگەڵ هەموو کێشەکانی تر پێویستە بخرێتە قاڵبی سیایسەتەوە بۆ نەکراوە..؟؟ هۆکاری زۆرن یەکێ له هۆکارەکانی ئەوەیە حزبەکانی جاران ئۆپۆزسیۆن بوون، ئەمڕۆ پاڵیان داوەتەوەو چوونتە پاڵ حکومەت، ئەگەر ئەمڕۆ تەماشا بکەی هیچ حزبێکی ئۆپۆزسیۆن نەماوە، تاکو تەرا نەبێت، که حکومەت پەراوێزی خستوون، تەنانەت دژایەتشیان دەکا، بودجەیان کەمدەداتێ، یان لێیان دەبڕێت، شەڕیان پێدەفرۆشێت، حزبەکانی دیکە زۆر بەداخەوە چوونەتە ناو حکومەتەوە، له پێناو کورسییەکی پەرلەمانو وەرگرتنی وەزارەتێك، ئەمڕۆ کوتلەیەك هەیە ناوی حکومەتەو کوتلەیەکی تریش هەیە ناوی میللەتە له نێوان ئەو دووانەدا فاسیلەیەك، کەندێك، خەرەندێك هەیە کەس ئەوەی تر ناخوێنێتەوە، چونکه هەرچی سەندیکا هەیە له پاڵ حکومەتە، من به ئاشکرا دەڵێم: لەو قسەیەش مەسئولم هەرچی سەندیکا هەیە دار دەستو خزمەتکاری

حکومەتە، پشت لە جەماوەر، پشت لە میللەتە، هەرچی ڕێکخراو هەیە لە98٪ خزمەتکاری حکومەتە، هەرچی کۆمەڵەو سەنتەر نازانم چیوچیو فیدراسیۆنو یەکێتیەکان 98٪ خزمەتکاری حکومەتن، لەسەر حیسابی میللەتو بەناوی میللەت، میللەت دەچەوسێننەوەو بەرگری لە حکومەتش دەکەن، بۆیە پاڵیان لێداوەتەوەو غەمی میللەتیان نییە، هەریەکەو چەند حەرسێکی هەیەو لە پێش دەرگەی داناوەو فەراشێك لە ژوورەوە، هەریەکەیان چەند ملیۆنێك لە باغەڵیەتیو نیوملیۆن دابەشی دەکەن، ئەوەی دیکەش دەدەنە سەفەر، سیاحەت، ژیانو چاکردنەوەی مایەسیری خۆیان.

***محەمەد: باشە تۆ دەڵێی: کێشەی گەنجو تەڵەبە بە سیاسیەت بکرێت، بەڵام ڕێکخراوەکانی قوتابیانوخوێندکاران، کیشەی گەنجو خوێندکاری کوردیان بە حیزبیەکی تەسك کردووە، نەك بەسیاسەت کردنێکی کراوە، تۆ ڕات چیە لەسەر ئەمە؟**

—**فەرهاد پیربال:** قسەکەت زۆر جوانە، تێبینەیەکت زۆر ڕاستە، بەڵێ: یەکێتی قوتابیانو کۆمەڵەی خوێندکاران، ئەوانی دیکەش، ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵانەی پەیوەندیان بەلقو پۆپی ناو ڕێکخستنی حزبەکان، کۆمیتە، لقو پۆپو ئەو شتانەوە هەیە، یەعنی ڕێکخراوە تەڵەبەییەکان ئاشکرایە لە حزبێکەوە تەمویل دەکرێت، یەکیان لە حزبێکەوە پەیڕەو پرۆگرامی بۆ دانراوەو سەر بەحزبێکن، پابەندی حکومەتن، من نهێنییەك ئاشکرا ناکەم کە پێشتر ووتم: ئێستاش دەیڵێمەوە  ڕێکخراوی تەڵەبان پابەندی حزبو حکومەتە، نهێنیەك ئاشکرا ناکەم، کە گوتم: خەرەندێك هەیە لە نێوان حکومەتو میللەتەوە، بەڵێ: ئەو ڕێکخراوانەی تەڵەبەو گەنجی ڕاکێشاونەتە ناو حزبەکەی خۆیان لە پێناو ئەوەی کەوایان ئاڕاستە بکەن خزمەتی حزبو حکومەتەکەیان بکەن. هەوڵی ئەوە لە ئارادایە هەر هەموو میللەت بکرێتە حزبی، هەموو حزبەکان وایان پێ خۆشە، هەموو میللەت دەنگ بداتە فلان حزب، بۆیە لەکاتی هەڵبژاردندا شەقامەکانمان لێ پیس دەکەن بە لافیتەکانیان، هەرچی دارو دیواری ئەو وولاتە هەیە ناشرینی دەکەن بە لافیتەکانیان هەمووی لە پێناو ئەوەی دەنگ بە دەست بێنن.

***محەمەد: تۆ باسی خەباتی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیرانە دەکەی، ئایا پێتوایە کاتەکەی لەبارە بۆ ئەو خەباتە لە ناو دەستەڵاتی گەندەڵی کوردستاندا؟**

—**فەرهاد پیربال:** من وا تێدەگەم لە بارە بۆ لە بار نیە؟

***محەمەد: ئێ باشە چۆن لەبارە پێم ناڵێی؟**

—**فەرهاد پیربال:** ئازادی دەربرین لە کوردستان هەیە، جۆرێك لە ئازادی کاری ڕێکخراوەیی هەیە، کاری ڕۆشنبیرانە هەیە لە کوردستان بۆ نموونە بەبەراوردکردن لە چاو ئێرانو سوریا کە دوو ولاتی دراوسێمانن،  ڕۆشنبیرانی کوردی خۆمان بەراورد بکەین بە ڕۆشنبیرانی ئێرانیوسوریا دەبینین ئێمە زۆر بەختەوەرترین. فەرسەتیشمان زیاتر لۆ هەندێك کار هەیە،

ئەمرۆ جێ بەجێ بکەن، من واتێدەگەم بەڵێ: بواری ئەوە هەیە رۆشنبیران بیر لە پرۆژەیەکی بە سیاسیەتکردنی مەعریفە بکەنەوە، پێویستە رۆشنبران بیر لەوە بکەنەوە کە مەعریفە بگەیننە ئاستێکی ئاوهای کە وزەیەکی سیاسی پێ ببەخشرێت، ئێمە پێویستە رەهەندێکی سیاسی ببخەشینە مەعرفەکانمان ئەکتیڤی بکەین بە وەزیەکی مەیدانی، ئەکتیڤی بکەین بە وەزیەکی سیاسیەت.

***محەمەد: کە تۆ وادەڵێی: بە سیاسیەت کردنی مەعریفەو رۆشنبیری، کەچی مومتاز حەیدەری دەڵێت: رۆشنبیر سیاسەت دروست دەکات، باشە تا ئێستا رۆشنبیری ئێمە سیاسەتی دروست کردووە؟**

—**فەرهاد پیربال**: نەخێر نەیتوانیوە هیچ رۆشنبیرێك، هیچ توێژێکی رۆشنبیران نەیان توانیووە بۆ نموونە ناچاری حکومەت بکەن هەڵوێستێکی سیاسی وازبهێنێتو بێتە سەر هەڵویستی جیاوازی لە خۆیی، مومتاز حەیدەری باپێم بڵێ: کامە لە رۆشنبیران لە چ کاتێکدا توانیوایانە زەخت بنوێنن بەسەر حکومەتو یا بەسەر حزبێك، یان پەیرەو پرۆگرامی خۆیان بگۆرن، کە قانونێك لە پەرلەمان بگۆرن کامەیان توانیووە حکومەت فێری پاکو تەمیزی بێت، حکومەتێکی پیسو پۆخڵمان هەیە، بەشەقامەکانمانەوە دیارە وەختی شەقامەکانمان پیسو پۆخڵن مانای وایە زەوقی وەزیرەکانمان پیسو پۆخڵە، وەختێ کۆڵانەکانمان پڕ لەتاسە، چاڵ،چەوتیو چەوێلێن، مانای وایە عەقڵی وەزیرەکانمان پڕلە چەوت، تاسەو چەوێڵیە، ئاشکرایە رۆشنبیری کورد لەسەر کاغەز نووسیویەتی پێویستە جادەکان پاکو تەمیز بێت، پێویستە مەدینەتولعاب هەبێت، پێویستە کتێبخانە بۆ ناحیەکان بکرێتەوە، پێویستە خەستەخانەی ویلادە لە ناحیە دوورە دەستەکان بکرێتەوە، پێویستە کارەبات هەبێ،پێویستە چی هەبێو چی هەبێ ئەو قسە قۆڕانە، ملیۆن مانشێتی ئاوها نوسرایە، بەڵام لەوەی تێنەپەراندووە نەهاتووە ئەم شتانە لە ناو پەرلەمان بکاتە قانوونێك، نەهاتووە ئەم شتانە لەناو وەزارەتێك بکاتە بەرنامەی کار، پازدە ساڵە رۆشنبیری کورد خوێندکاری کورد قوتابی کورد هاتوو هاواریتی ئەی هاوار مەنهەجو سیتەمی خوێندن بگۆرن، وەزارەتەکان پێیان لەسەر پێیان، وەزیرێك هاتووەو مودیرێك هاتۆتە جێی مەعنای وایە بێداربوونەوەیەکی رۆشنبیریو مەعریفی لە کوردستان هەیە، لەناو میللەت بەڵام بەرامبەر بەوە باوێشدانێك هەیە لەناو عەقڵی سیاسی، عەقلی دەستەڵاتی کورد، لەناو وەزارەتو مودیرەتەکان، یەعنی ئێمە مەعریفەیەکی جوان سەریهەڵداوە لەناو گەنجو تەڵەبە، کە دەبینێ لایەنی بەرپرس بێ خەبەرە لێی مەعریفەیەکی تازەی بێداربووە،نەوەیەکی ریفۆرم خوازانە لەناو گەنجو تەڵەبە سەریهەڵداوە، لە حاڵەتێکدا پێچەوانە هەمیشەی نوستن هەیەو لەناو پەرلەمان دەنوون، وەزارەتەکان پیرو

خەریکی کارروباری ئیدارین، مودیرەتەکان بیۆقراتیەت تابینە قاقایان رۆچووە بۆیە من لە یەکێك لە شیعرەکانی خۆم دەڵێم:

زانکۆیەکی پڕلە تاسەو

جادەیەکی پڕ مەعریفەت

مەبەستم ئەو فیکریە واقیعکە ئەوهایە، جادە پڕە لە مەعریفەتو جوانی، جومبوشو جوانی ژیانی ئەو جیلە ریفۆرم خوازەی کە پازدە ساڵە سەریهەڵداوە، کە تەمەنی بیستساڵێکە، بە پێچەوانەی ئەوە ئیدارەکانمان، وەزارەتەکانمان، حزبەکانمانو سەندیکاکانمان بە شێوەیەکی شایستەی میللەتی خۆیان نین، بۆیە جیلی نوێ گەنج تەڵەبە نارازیەو یاخییە، هەمیشە هاتوو هاواریتی لەبەرئەوەی لە دەرونی خۆیداو لە بیری خۆیدا سەدا سەد دڵنیایە، موئەسساتەکانی بەناوی ئەمانەوە شایستەی ئەمان نین، وەزارەتی رۆشنبیری، پەروەردەو کشتوکاڵ. بۆ نموونە وەزارەتی کشتوکاڵ شایستەی ئەو فەلاحە جوانە نین، ئەو فەلاحە بەهێزانە نین کە جاران گەنم، جۆ، برنج، توورو تەماتەیان بەرهەم دەهێنا، وەزارەتێکی ئیفلیجت هەیە، هەرچی گوند هەیە فڕیداونەتە ناو شارەکان، وەزارەتی پەروەردە بەهەمان شێوە ئەوەتا تەڵەبە هاوار دەکا سیستەم بگۆڕە مەنهەج بگۆرەو ئەوەتا وەزارەتی پەروەردە دانیشتووە باوێشك دەدا بەنزبەت هەموو وەزارەتەکان.

***محەمەد: باچینەوە سەر خوێندکاران، ئەو حەرەکەیەی تۆی باسدەکەی لەناو توێژی تەڵەبان حەرەکەیەکی فیکریە، نەك کرداری، بۆ نموونە خۆپیشاندان، مانگرتن، قەبوڵنەکردنی ئەو هەموو گەندەڵییە ناو دەستەلأتی کوردی هیچ ئەنجامنادەن لەوانەی من باسدەکەم، ڕات چیە لە بەرانبەر ئەمەدا؟**

**—فەرهاد پیربالْ**: خودی حکومەت خۆی بەرپرسیارە لەوەی کە ناهێڵێت گەنجو تەڵەبە لە ئێستای خۆیاندا ئەکتیڤ تر بن، لە ئیستای خۆیان چالأکتر بن، خودی حکومەت بەرپرسو بەرپرسەکانی دامو دەزگاکانی حکومەت بەرپرسیارن لەوەی کە رێگانادەن توێژی تەڵەبەو گەنج هەنگاوی فیعلیو ئۆرگانیك بنێن لە پێناو ریفۆرم بۆ..؟؟ بەڵێ: رێگاکانی ئەوجۆرە خەباتە مەدەنیانەی لێدەگرێ ئەماتە ئاخیر شت دەیانەوێ گەلألەی قانوونێك بکەن لەسەر خۆپیشاندان، دەبێ بچی بۆ کوێو دەبێ ژمارەتان لەچەند کەمتر نەبێ ئیجازەی وەربگری، وەزارەتی ناوخۆ رازی بێ، پۆلیس رازی بێ، دیوتە بەربەست دەخەنە بەر ئەو ڕێگا مەدەنیانەی خۆیان بانگەشەی بۆدەکەن، مەسەلەن هاتوون قانونێکی تریان داناوە گەنج بۆی نیە بێتە ناو پەرلەمانەوە دەبێ لە سی ساڵت زیاترت تەمەن بێت، ئینجا بۆت هەیە بێیتە ناو پەرلەمان ئەمە نموونەی دووەم، نموونەی تر بەهەمان شێوە گەنجێك کە دەردەچێت تەسکیەی حزبی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەوە شتێکی ئاساییە، بەلأم تەسکیەی

حزبی، ناسینو بەزمو رەزمێکی زۆری دەویٚ هەتا تەعین دەبیٚ، نموونەیەکی تر لە 90٪ لە 95٪ من مەسئولم لەورەقەمانە، کە گەنجو تەڵەبەی کورد پاسپۆرتی نییە بچێت پیاسەیەك بکات بزانێت تورکیا چی لێە سوریا چ بە عسە، ئەوروپا چی لیٚ دەژیت ئەم بیٚ بەریکردنەی گەنجو تەڵەبە لە پاسەپۆرت رێگرتنێکە لەوەی نایەنەوێت گەنج پێشکەوێت، تەڵەبە چاوی بکرێتەوە، نموونەیەکی تر لەهەموو وولأتان کاتیٚ گەنج بیٚ ئیش دەکەویٚ برێك پارەی دیاریکراو هەیە لە دائیرەی بیٚ ئیشان وەردەگریٚ لە حاڵەتی بیٚ کاری خۆیدا پێی بژی، ئەمرۆ قانوونی هەموو دەوڵەتێکە کە دەوڵەتانی پێشکەوتوو دەڵێم: حکومەتی خۆم بەرەو حکومەتێکی دیموکرات تێدەگەم. ! بۆیە ئەو قسانە دەکەم.

***محەمەد: چۆن بە حکومەتێکی دیموکرات تێدەگەی؟**

**–فەرهاد پیربالّ:** بە حکومەتێکی دیکتاتۆری بزانم شەقێکی تێهەڵدەدەمو چەکێك دەگرمە دەست بەگەلّ ئیرهابیەکان دەکەوم، بەس من حکومەتی خۆم بە حکومەتێکی دیموکرات دەزانم، بە حکومەتێکی نیشتیمان پەروەر دەزانم، من بۆیە ئەو رەخنە توندانە بەپێویست دەزانم لە حکومەتی خۆم بگرم، چونکە خۆم لەهەموو لە گەورەترین کەسی ئەو وولأتەی بە لێپرسراوتر دەزانم، بەرامبەر وولأتی خۆم بۆیە ئەو قسانەدەکەم، کە ئەو نموونانەم هێنانەوە لە هەموو دەوڵەتێکی دیموکرات حکومەت، بۆدجەیەکی هەیە بۆبەخشینی مانگانەیەك بە ئەو گەنجانەی بیٚ ئیشن کامەیان بۆ ناکات لە کوردستان نییە، ئەمەش دیسان رێگەگرتنێکە ئەو مووچە کەمەی کە تەڵەبە وەریدەگریٚ کە پێی دەڵێن: دەرماڵە، ئەو مەعاشە کەمەی گەنجی یەکەمین تەعین وەریدەگریٚ کە مووچەکەی 130 هەزار دینارێکە، یەکەمین جار تەعین دەبیٚ لە 140 هەزار دینار زیاتر نیە، ئەمەش دیسان جۆرێکە لە پلاندانانەوە لە رێگەگرتنی گەنج کە هێزی خۆیی نەبێت ڕابوەستیٚ، هێزی ئەوەی نەبیٚ متمانەی بۆخۆیی دروست بکات، هێزی ئەوەی نەبیٚ یاخی بیٚ، هێزی ئەوەی نەبیٚ برژێتە سەر جادە، هێزی ئەوەی نەبیٚ خەباتی رۆشنبیرانە پیشەیانەی خۆی بکات. ئەم هەموو تەڵەو کۆسپو داوانە هەمووی لە پێناو ئەوەیە گەنجو تەڵەبە ببەسرێتەوە لەوەی ئێستا هەیە ئەکتیڤ ترو چالاکتر نەبیٚ، ئەمەش بۆ ئەوەیە وزەیان ئیعدام بکریٚ هێزیان بە هەدەر بڕوا نەبنە ئەو بەشدارە چالاکەی کە ریفۆرم داوای دەکا، کەواتە دیسانەوە خەلەلەکە یان کەمووکورتیەکە لە توێژی تەڵەبەو گەنج نابینم، بەهەموو نەوعێك وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە تەڵەبەیان جیلی نوێیان بە برێك رۆژنامەنووسو رۆشنبیرانەوە زەلیل و پابەستە کردیە، ناچاریان کردوون چاویان لە دەستی مودیرو وەزیرو گەورەکانی خۆیان بێتو ئازاد نەمێنن.

***محەمەد:تۆ ئەڵێی خۆم بە گەورەترین بەرپرسیار دەزانم لە وولأتەدا؟**

—**فەرهاد پیربال**:من نەمگۆت خۆم بە گەورەترین بەرپرسیار، من خۆم لە گەورەترین بەرپرس بە مەسئول تر دەزانم بەرامبەر بە وولاتی خۆم.

***محەمەد: باشە ئەوان خۆیان بە بەرپرسیار دانانێن، هەر وەکو خۆت ووتت:( خەرەندێکیان دروستکردووە لە نێوان خۆیانو میللەتدا) ئایا ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

—**فەرهاد پیربال**: ئاشکرایە ئەمە سەعاتێکە باسی ئەوە دەکەم، کە ئەمرۆ خەرەندێك هەیە فاسیلەیەك هەیە لە بەینی حکومەتو میللەت، ئەو خەرەندە وایکردووە کەحکومەت خۆیی دروستی کردووە میللەت نەگاتە حکومەت، ئەو عەوقڵە تازەیە ئەو مەعریفە تازەیە، خۆی نەتوانێت بەتاوێنێتەوە لەناو عەقڵی ئیداری ئەو وولاتە، وایکردووە حکومەت مەجبوور نەبێت گوێ لە میللەت بگرێ، میللەتیش دەنگی نەگاتە حکومەتو تەنیا لە رێگەی چەند کەناڵێکی حزبیەوە نەبێ ئەو کەناڵە حزبیانەش بەشێوەیەکی وا کاردەکەن کەوا لەبەرژەوەندی گەندەڵیەکەدا بێ، لە بەرژەوەندی دواکەتونەکەدابێ، لەبەرژەوەندەی ئەو وەزعەدا بێ هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، وولاتی ئێمە زۆر بە ئاستەم هەنگاو دەنێ گۆڕینەکان زۆر لەسەرخۆو هێواشن، پێنج ساڵی پێدەچێ هەتا پردێك دروست دەکرێت، چوزانم دووساڵی پێدەچێ، دەساڵی پێدەچێ هەتا خەستەخانەیەکی ویلادە بەردی بناغەی بۆ دادەرێژرێ تا چار ساڵی تری پێدەچێ تا ئەو خەستەخانە ویلادەیە بەراستی دەبێتە خەستەخانەی ویلادە.

***محەمەد: لە هەفتەی رابردوودا لە رۆژنامەی ئاوێنەدا لەدەست لەکارکێشانەوەی خۆت راگەیاند لە زانکۆی سەلاحەددین، لەهەمان کاتیشدا ئەو زانکۆیەت گەندەڵ ناوبرد بۆ؟**

—**فەرهاد پیربال**: پێشی ئەوەی من ئەو دەست لەکارکێشانەوە بنووسم، هەر ووتوومە زانکۆی سەلاحەددین گەندەڵە.

***محەمەد: باشە لە چ رووێکەوە گەندەڵە لە رووی ئیداریو زانستیشەوە هەر وایی پێدەڵێی؟**

—**فەرهاد پیربال**: قوربان بە تێگەیشتنی من وەختێك کە سیستەمی بەرێوەبردنی زانکۆومەنهەجی خوێندنەکان ریفۆرمێکیان تێبکەوێ، بەلام گەندەڵیەکە تارادەیەك لەناو بەرێوەبردن بشمێنێتەوە هەر باشترێکە، بەلام مشکیلەی زانکۆی سەلاحەددینو هەر هەموو زانکۆکانی دیکەی کوردستان لەوەدایە جگە لەو گەندەڵیە ئیدارییەی هەیە سیستەمە مەعرفیەیەکەیشی، مەنهەجەکەیشی کە هەن لە ناو زانکۆکانی کوردستان ئەوانیش هەر لە ناو تەپو تۆزی دواکەوتنو پۆخڵەواتی زەمانی دواودول قەیسیو ئەحمەد حەسەن بەکر رەزاونەتەوە. هەمان سیستەم، مەعریفەو مەنهەجی ئەو زەمانە کۆنەنن، ئینجا لەبارەی گەندەڵی ئیدارییەوە پێویست بەمن ناکا خەڵك رۆژنامەکان بخوێنێتەوە هەست بەوەدەکا بۆ نموونە : زانکۆی کۆیە حەفتاوپێنج کیلۆمەتر لە هەولێرێ دوورە زانکۆی سەلاحەددین دەڵێ من ئیعترافی پێناکەم حەفتاو پێنج کیلۆ متر دوورە ، باشە خەڵك پرسیار دەکا ئەو هەموو

ملیۆن تەڵەبەیە، ملیۆن تەڵەبەیە نا هەزاران تەڵەبەیە ساڵانە لەو زانکۆیانە تەخەروج دەکا لەو کوێ دامەزرێ چ مەعنای دەمێنێ زانکۆ، چ مەعنای دەمێنێ کە تۆ زانکۆیەکت هەبێو لەناو حکومەتێك کە قانوون تێیدا سەروەر بێ وەکو جەنابی مەسعود بارزانی دەڵێ سەرۆکی کوردستان .زانکۆیەك حەفتاو پێنج کیلۆمەتر لێتەوە دووره ساڵانە هەزاران تەڵەبە تەخەروج دەکەن ئیعترافیان پێ ناکرێ ئەمە چ مەهزەلەیێکە چ قەشمارپیاتێکە لەناو مەعریفەو ئیدارەی ئەم ووڵاتە قەحپەیە هەیە، ئەو هەموو مامۆستایە لەناو ئەو هەموو زانکۆیە دەرس دەڵێنەوە کە ئیعترافیان پێ نەکرێ ئەمە چ مەهزەلەیێکە کوا وەزیری تەعلیمی عالی قەرارێك بدا ساغ بکاتەوە یان ئەوەتا ئەو زانکۆیە دابخرێ،کاکە خەڵك بۆ هەلی خۆی بە هەدەر بڕوات یانیش ئیعترافی پێ بکرێت، کەواتە مانای وەزیری تەعلیمی عالیو نرخی وەزیری تەعلیمی عالیو قیمەتی ئەو وەزارەتە تەعلیمی عالیەی کوردستان چیە..؟؟ لە حاڵەتێکدا نەتوانێت بڕیار بدا کە کێشەی زانکۆی کۆیە یەکلای بکرێتەوە یان دابخرێ یان ئیعترافی پێ بکرێ، ئەمە چیە؟ ئەمە گەندەڵی ئیداری نییە، ئەمە بێ مستەوایی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین ناگەیێنێ ، ئەمە بێ قیمەتیو بێ نرخی نرخ دانەنا بۆ وەزارەتی تەعلیمی عالی یان بۆ خودی حکومەت، کاکە بەڕەلڵاییە ئەو ووڵاتەی ئێمە شەڕە شەڕێکی بەردەوامە تاکو ئێستەش، کەس تێناگات ئەوە لەشەری حزبایەتەوە دێت لە منافەسەی ئیداریەوە دێت، ئەو ئیعتراف نەکردنە چیە؟ زمانیشیان دەکرێتەوە دەڵێن: ئاشت بوینەوە شەری براکوژی نەماو لە کۆتاییدا وەزیرو سەرۆك زانکۆکان نابنە قوربانی تەڵەبەو گەنج دەبێتە قوربانی، جیلی نوێ دەبێتە قوربانی ئەمەتا رێگەی لێگیراوە کە ببێتە بەشدارێکی فیعلی بۆ ئەو ووڵاتە.

***محەمەد: باشە کێ لەو کارانەی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بەرپرسیارە، بەڕای من خوێندکارەکان تا ئێستا قەبوڵی ئەو هەموو نا عەدالەتیو بێ دەنگەیە دەکەن بۆ خۆپیشاندانێك ناکەن؟**

**—فەرهاد پیربالْ:** خوێندکارانی زانکۆ لۆ بەرپرسن قوربان تێگەیشتم بۆ تەڵەبە بەرپرسە ئەو واقیعە هەیە، تەڵەبە تەخەروجی کردووە، ئێ چەند کتێبێك بەدەستی چەپەوەو جگەرەیەك بەدەستی ڕاستیەوە کە دەگاتە ناو زانکۆ جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە، پێ دەچێ گوێ لە مامۆستا ڕادەگرێ چ عیلمو مەعریفەو خێرو بەرکەتی پێیە لێی وەربگرێتو تەواو براپەوە، تەڵەبە مەسئولەیەتی چی هەبێتو تەڵەبە چی پێ دەکرێت تەڵەبەی وامان هەیە نانی نێوەڕۆی نیە بخوات، تەڵەبەی وامان هەیە مانگێ جارێك خۆی دەشوات لەبەرئەوەی حەمامی نییە، تۆ لێم دەپرسی ئەو گەندەڵیەی هەیە ئەو فەسادەی هەیە ئەو بەڕەڵڵاییەی هەیە تەڵەبە مەسئولە بچێت موزاهەرە بکاتو دەیگرنو فەسڵی دەکەن، من لە تۆ دەپرسم لە جەریدەکەتانو لە رەئی عام دەپرسم چەند دەیان تەڵەبە فەسڵکراوە لەسەر خۆپیشاندانەکان

، ئەمەی کۆیەوسلێمانی هەولێر دەیان تەڵەبە فەسڵکراوە، خۆپیشاندانی سازداوە کە پێویستە ئاوها بکرێو پێویستە ئاوها بکرێ گەوادەکان مەسئولن کە ئەوانەی هیچ عەقڵو مەعریفەیەکیان نییە بوونەتە سەرۆك زانکۆو عەمیدو وەزیرو ئیدارەیان دراوەتێو تەڵەبەی بەستەزمان چ بکاتو یان گەنجی بەستەزمان چ بکات.

***محەمەد: تۆ هەر باسی گەنجم بۆ دەکەیت، کەچی دەبینین گەنجی ئەم وولاتە نە ئینتیمایان ماوە بۆ نشتیمان، ڕائەکەن لێی خۆیان دوورە پەرێز ئەگرن لەهەمووشتێكو ئیمانیان بەهیچ شتێك نەماوە بۆ ئەو نشتیمانە وێرانە، ئەمە بۆ وایە ؟**

—**فەرهاد پیربالْ**: قسەکانی جەنابت هەمووی درۆو دەلەسەو بوختانن، هەموو قسەکانت بە پێچەوانەوە من وای تێدەگەم..

***محەمەد: بۆ وا تێدەگەی فەرهاد پیربالْ؟**

—**فەرهاد پیربالْ**: بەڵێ: تەڵەبەو گەنج ئینتیمای هەیە وولاتی خۆیی خۆشدەوێ حەز لە مۆسیقا دەکا لە ڕۆشنبیری دەکا، من لە (چۆمان) بینیم 1200 کەس لە کۆڕێکی من دانیشتبوون، گوێ لە شعر ڕادەگرت، من لە بیارە بینم سێ سەد کەس زیاتر هاتبووە ناو دارستانێکی سەر شاخی سەرووی گوندی (بیارە) ناوشاخەکان لەناو چەمو جریوەی چۆلەکەو دارو درەختو سێ سەد کەس هاتبوو دانشتبوو گوێ لە شعر ڕادەگرت، تەڵەبەو گەنج پارەی نێوەڕۆی خۆی ئامادەیە بە سیدیەکی نانسی عەجرەم بدات ئامادەیە نانی بەشێکی نانی نێوەڕۆی خۆی بە فیلمێکی خۆش بدات، تەڵەبەو گەنج حەز دەکا کتێبخانەی هەبێ بەلاَم نیە، فێری زمانی ئەووپی بێ بەلاَم هیچ سەنتەرێك نیە، حەزدەکات مەدینەتول عاب هەبێ بەلاَم نیە، حەزدەکا پاسەپۆرتێکی هەبێ بچێ دونیا ببینێت، بەلاَم نیەتی، حەزدەکا زەمالەی خوێندنی هەبێ هەر سالێ 50 تەڵەبە بنێرن بۆ وولاَتانی ئەوروپاو بخوێنن عیلمو مەعریفەت فێربێ نیەتی، تەڵەبەوگەنج لە باشترین کۆمپیوتەری پێشکەوتوو لە ماوەی سێ مانگ دەبێتە پسپۆرێکی شارەزای کۆمپیوتەر، بەلاَم پیرو میرەکان پازدە کۆمپیوتەرو مۆبایلشیان لەماڵەوە هەیە، بەلاَم ناشتوانن یەکی بەکار بێنن، ئەو قسانەی دەیڵێی هەمووی بوختانە هەمووی درۆو دەلەسەیە بەرامبەر بە گەنج، گەنج توانایەکی ئامادەی هەیە، بەهریەیەکی هەیە جوانی هەیە، ئینتیمای هەیەو وولاَتی خۆی خۆشدەوێ، ئاشکرایە خەڵکانی دیکە لەبەر (ئەی ڕەقیب) هەڵناسنەوە ئەوەتا کاکە تەڵەبەو گەنج هاوار دەکا سیستەم بگۆڕن نایگۆڕن، ئەوەتا گەنج هاوار دەکا کارەبامان بدەنێ شەو ڕووناك بێتەوە نایدەنێ، ئەوەتا تەڵەبەو گەنج هاوار دەکا دەڵێ ئەوەما بۆ بکەنو ئەوە بکەنو ئەوەبکەن ئەمان دانیشتوونو قسەی گەورە گەورە دەکەن، نەخێر ئێوە ئیحترامی تاریخی خۆتان بگرن سەروەری یەکێتی نشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو فلاَن حزبو فلاَن حزب بپارێزن، ئیحترامی خوێنی شەهیدان

بگرن جاریَ ڕاوەستن ئێمە حکومەتێکی ساوایان پازدە ساڵە هەر وایە، تەڵەبەو گەنج دەڵێن: وانیە کاکە کەواتە تۆ ناتوانی وەڵامی پرسیارێك بدەیتەوە کە ناوەڕۆکەکەی خەڵەت بێ.

***محەمەد: چ بەرهەمێکی نوێت لە ژێر دەستدایە بۆ توێژی گەنجو تەڵەبە؟**

**—فەرهاد پیربال:** هەندێك لەکتێبەکانی ئەلبێرت کامۆو ژان پۆڵ سارتەر لە بەرنامم دایە تەرجومایان بکەم، ئێستا کەوتوومەتە هەندێ لە کارەکان ئەمە یەکێکە لە پرۆژەکانم.

***محەمەد: ئەو قسانەی تۆ دەکەی فەرهاد پیربال ڕاستە، بەڵام فەرهاد جیاوازترە لە مامۆستایانی تری زانکۆ رۆشنبیرانیو روناکبیرانی کورد، کەسێکی وەك تۆ کە بە عەبەسیەت ناسراوە، لەگەڵ ئەوەش تۆ هەڵقوولاوی ناو ژانو ئێشی تەڵەبەو گەنجی کوردی، بۆیە گەنجێکی زۆر دێتە کۆڕەکانت؟**

**—فەرهاد پیربال:** من باوەڕم وانیە جیاوازبم، تەنیا بۆ من ئەو حەماسە بۆ رۆشنبیریە لەبەر خاتری من بێ باوەڕم بەوە نییە، بەڵام گریمان قسەکەی جەنابیشت ڕاست بێ، ئەوە مەعنای ئەوەیە حکومەت رۆشنبیریو کولتووری هونەرێکی سەقەتی بەرهەم دەهێنن بۆ گەنجو تەڵەبە، بەرنامەیەکی ئیفلیجی هەیە بۆ گەنجو تەڵەبە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەگەر گریمان قسەکەی تۆ راستیش بێ مانای ئەوەیە رێکخراوەکان، سەندیکاکانو وەزارەتەکان حکومەت بەرنامەیەکی سەقەتی هەیە پرۆژەی ئیفلیجیان هەیە، کولتوور، مەعریفە، ئەدەبیاتێکی کۆن، پەڕپووتی، بێ مەعنایيو خەڵەتێنەرو چەواشەکەر دەبەخشێتە ئەو گەنجو تەڵەبەیە، بۆیە سەریان لێ شێواوەو مانای وایە ئازادیان ناداتێ مەعنای وایە گوێت لێیە.

***محەمەد: بەڵێ: چۆن فەرهاد پیربال؟**

**—فەرهاد پیربال:** مەعنای وایە بەخێویان ناکا، مەعنای وایە تێیان ناگا، مەعنای وایە بە رۆڵەکانی خۆیان نازانێ، من بە پێچەوانەی تۆ وای دەبینم حکومەت ئینتیمای نیە بۆ گەنجو تەڵەبە، هەموو دنیا دەڵێ: تەڵەبەو گەنج ئینتیمای نییە بۆ نشتیمان من بەتەواوی بە پێچەوانەی ئەو قسەیەوە وا دەبینم حکومەت خۆی ئینتیمای نییە بۆ گەنجو تەڵەبە نیەتی درۆ دەکا یان درۆش نەکا تێناگا چۆن ئەو ئینتیمایەی خۆی دروست بکاو تێ ناگا، حکومەت ئینتیمای نیە بۆ گەنجو تەڵەبە حزبەکان ئینتیمایان نییە بۆ نشتیمان.

***محەمەد: نووسەر (نوردەین وەیسی) چەند ساڵێك بەر لەئێستادا لە ووتارێکیدا لە رۆژنامەی (میدیا) بە تۆی ووتبوو (مامۆستایەکی مێشك ژەنگاوی، ئەگەر لە شوێنی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بوام، ئەوا دەرم دەکرد) ئایا چۆن نووسەرێك بەو شێوەییە تەشهیر بە تۆ بکاتو کە تۆ گۆڕانێکت لە زانکۆ دروست کرد؟**

**—فەرهاد پیربال:**من هەمیشە رەخنەم پێخۆشە نورەدین وەیسی، بەمنی ووتوە کاتی خۆی (مێشك ژەنگاوی) لەبەرئەوەی هەستی دەکرد کە من ئیهانەی ئەوەم کردووە، ڕای کردووە بۆ

خاریجو نەهاتووە ئەوروپایەك لە وولاّتی خۆی دروست بكا، من ئێستەش بەنووردەین وەیسیو هەموو ئەو رۆشنبیرانەی ئەوروپا دەلّێم: كە لە ئەوروپاوە رەخنە دەگرن، من خۆم پێ باشترە ئینسانی كورد لە ناو وولاّتی خۆیدا ئەو ئەوروپایە دروست بكا، كە خەونی پێوە دەبێنێت، ئەگەر مەردی ئەگەر رۆشنبیری لە ناو وولاّتی خۆت ئەو خەونە ئەوروپیانە ببینە، نوردەین وەیسی چی لەو رۆژنامەنووسانە زیاترە كە لەناو زیندانەكان چەند رۆژێك مانەوە، نوردەین سەعید وەیسی چی لە نەبەز گۆران زیاترە كە رۆژنامەنووسێكی گەنجی رەخنەگر كە حەفتاوپێنج مەحكەمەی لەسەر تۆمار كراوە لە مەحكەمەی هەولێر سلێمانی چی لە نەبەز گۆران زیاترە، چی لە رووناكبیرەكانی دیكە رۆژنامەنووسەكانی دیكەی سەرازاو مەرد زیاترە، ئەماتە تۆ دانیشتوویو لەسۆرانەوە هاتووی بۆ هەولێر لە پێناو چاوپێكەوتنێك چی لەتۆ زیاترە، من هەر ئەوەندەم ووتووە:( كە رۆشنبیری كورد ئینسانی كورد كە دەچێتە ئەوروپا بە چاوی سوك تەماشا دەكرێ بەچاوی بەرازو سەرڕەشو مەیمونو كۆمەلّێك حەیواناتی تر تەماشای دەكرێ) ئەمە واقیعێكە بەدەست من نیە زۆر موتەئەسیفم بۆ كاك نورەدین، ئەگەر واتێبگا من چوومە بە ئەوروپام وتووە، بەچاوی سووك سەیری پەناهەندە بكەن، ئەوروپا خۆی بەچاوێكی سوكو چرووك تەماشای پەناهەندە دەكا ئەو پەناهەندە یابانی یان ئەفغانی بێ یا كوردبێ، ئەمە بەدەست من نیە، بەچاوی مەیمونو كۆمەلّێك حەیوانات تەماشای ئینسانی پەناهەندە دەكەن لە ئەوروپا، من هەر ئەوەنەدەم وتووە، ئەو قسەیەی من وای لە نورەدین وەیسی كردووە ئیهانەی ئەو دەكەم. كە ئەویش پەناهەندەیەكە، هاتووە بەمن دەلّێ مێشك ژەنگاوی سەرچاوم من ئیعتراف دەكەم لەسەر ئەو قسەیە ئەگەر تاوانبار بم مێشك ژەنگاویم سەرچاوم ، ئەمە واقعێكە، بۆ خۆم دەسالّ لە ئەوروپا بوویم، دووسالّ پەناهەندە بووم لە دانیمارك نۆ سالّەكەی دیكە زەمالەی حكومەتی فەرەنسیم هەبوو، بەلاّم هەمیشە هەستم بەوە كردووە كە من سوكو چروكم بەچاوی ئەوروپیەك، چونكە ئەو هەست دەكا نانی ئەو دەخۆم هەست دەكا لە وولاّتی ئەو دەژیمو هاتووم خێرو بێری وولاّتی ئەو دەخۆم، ئەوە واقیعەتە واشبوو، من دووسالّی یەكەم لە دانیمارك مەعاشم لەبەلەدیە وەردەگرت وەكو ئەوەی عەمەل مەندە بم وەكو ئەوەی ئیفلیج بم و نابینا بم، لە حالّەتێك قۆزترین گەنجی دانیمارك من بووم بەچاوی خۆم، خۆم بە پاشا نەدەگۆڕیەوە بەلاّم زەلیلو ژێر دەستەی بەلەدیەی دانیمارك بووم. بۆیە لە وولاّتی خۆم كەناسی بكەم پێم پاشایەتیە لەچاو دانیمارك، نەك مەعاشی بەلەدیە وەربگرم وەكو عەمەل مەندەییەك ، دەزانی عەمەل مەندە چیە..؟

***محەمەد: بەلّێ دەزانم**

**—فەرهاد پیربالّ**: عەمەل مەندە واتا لە پەلو پۆ كەتوو، پەكەوتە كە نوورەدین حادز نەبێ.

***محەمەد: سۆران شارێکە سیمایەکی زۆر عەشائیریو خێڵەکی پێوەدیارە، پێك هاتە کۆمەڵاتییەکە زۆر سەختە، پێشت باشە خوێندکارانو رۆشنبیران چیی بکەن، یاخود دەتوانن ئەمانە رەفز بکەنەوە و دەست بدەنە ریفۆرمێکی بۆ بە شارستانیەتی بوونی سۆران؟**

**–فەرهاد پیربالْ:** پێش هەموو شتێك دەڵێم: ئەمە تەنیا بە تەڵەبەو گەنج ناکریْ، تەڵەبەو گەنج ئەوەی پیْ دەکریْ بەشێوەیەکی وجودی خۆی وەدی بهێنیْ، بەدوای ئازادیەکانی خۆی بڕوات یاخی ببێ ئەوەی ویست ئەوە بکا، چی پیْ باش بوو ئەوە وەدی بهێنیْ، ئیلتیزامی خۆی بە ئەو دابو نەریتە عەشائیر گەرىو دواکەوتوانە بپچڕێنیْ، تەنیا دەتوانیْ ئەوەندەبکا لە ئاستی خۆی، بەلاّم ناتوانیْ شارەکەت بۆ بگۆڕیْ بەو شێوەیەی کە منو تۆ خەونی پێوە دەبینین ، ئینجا وا تێدەگەم ریفۆرمو گۆڕان لە سۆران قورستریش بیْ لەبەر ئەوەی سۆران پێکهاتەیەکەی زۆر تێکەڵو پێکەڵی هەیە، هەولێریەکی قەلاّتی کۆن لەسۆران ئەمرۆ دەژی، دراوسێکەی هەرکییە، دراوسێکەی دەستەچەپی لەکەرکوکەوە هاتوون، پشتەوەی ماڵێکە لە سوێد گەڕاونەتەوە خانویان لەویْ کڕیووە، بەرامبەر ماڵیان ماڵی مەلایێکە، تەنیشت ماڵە مەلایەکە شوعیە، ئەو تەنیشتەی ئەولایان پارتیە، سەربانیان پیاوێکی پارتیە ئیْ یەکێتەیەکی موتەتەریفە، گوێت لێە جادەکەیشی چاڵێکی تێدایە هەر کەسێکی پێدا بڕوا ملی دەشکیْ، سۆران بەلاّیێکە تووشی کوردستان بووە، بۆ بەدبەختی میللەتی کورد دروستکراوە، ئەو میللەتەی لەسۆران دەژی بوویتە قوربانی ئەو بەلاّیە، کە حکومەتی بەعس دروستی کرد، دووەم حکومەتی هەرێم ئەوەندە زیاتر گوی تیْ کرد، یەعنی سۆران دووجار گوی تێکراوە، گوی حکومەتی بەعسو دووەم جاریش حکومەتی هەرێم، لە ئێستادا لە سۆران کیْ پاکی دەکاتەوە کیْ رێکی دەخاتەوە ئەمە پرسیارێکە..؟؟ سۆران پێك هاتەییەکەی کۆمەڵایەتی زۆر ئالْۆزو عەنتیکە بیْ سەروبەری هەیە، دەبیْ وەزارەتی پلاندانان گرینگەیەکی زیاد لە پێویست بدەنە سۆران، لەبەر ئەوەی ئەو شارە گوناهەو بەستەزمانە، ئەو میللەتە بیْ چارەیە بکەوێتە ئاستێکی ئاوها کە شایستەی ئەوە بیْ ناوی میرنشینی سۆران بەخۆیەوە هەڵگرتووە.

***محەمەد: لە کۆتاییدا شتێکم نەماوە، ئەگەر تۆ دوا پەیامت بۆ خوێندکاران هەبیْ؟**

**–فەرهاد پیربالْ:** پارەی ئەو چاوپێکەوتنەتان لیْ ناستێنم، لەبەرئەوەی بۆ تەڵەبەو گەنجانە.

***تێبینی: سۆما بلاّوکراوەیەکی گشتییە، قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی سۆران مانگیْ جارێك دەریدەکەن. لەسەر رازی بوونی فەرهاد پیربالْ لە سایتی دەنگەکان بلاّویدەکەینەوە.کە لە ژمارەی 10 ی سۆماش بلاّوبۆتەوە.**